**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە: ٦٢٠/٤/٩ لە ٢٠١٨/١/٢٩**

**ئاماژە بە ڕێنماییمان ژمارە(٢) ی ساڵی ٢٠١٨ و پاڵپشت بە ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٤٤٠٩) لە ٢٠١٧/١٠/١١ تایبەت بەخەرجکردنی خەرج کردنی ڕێژەی (٥٪)ی داهاتی فەرمانگەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی خانووبەرە وەکو هاندان (حوافز) بۆ فەرمانبەرەکانتان کە ژمارەیان (١٧٥٠) هەزار و حەوت سەد و پەنجا فەرمانبەرن بەم شێوەی خوارەوە بڕیارماندا بەم ڕێنماییە:-**

**ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٨**

**یەکەم: خەرجکردنی ئەم هاندانە بەپێی داهاتی فەرمانگەکانی تۆمارکردنی خانووبەرە دەبێت کە بە(٣) بازنە هەژمار دەکرێت (هەولێر/سلێمانی /دهۆك)**

**دووەم: ڕێژەی هاندانەکە مانگانە بەم شێوەی خوارەوە خەرج دەکرێت:-**

| | |
|---|---|
| أ- بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی خانووبەرە | ٥٠٠٠٠٠ پێنج سەد هەزار دینار |
| ب- بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرە و هاوشێوەکانیان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی خانووبەرە | ٢٧٥٠٠٠ دووسەد و حەفتا و پێنج هەزار دینار |
| ج- جێگری بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرە + سەرۆکی دەستە + تێبینەر | ٢٢٥٠٠٠ دوو سەدو بیست و پێنج هەزار دینار |
| د- بەرپرسی هۆبە | ٢٠٠٠٠٠ دوو سەدهەزار دینار |
| هـ- فەرمانبەران | ١٦٠٠٠٠سەدو شەست هەزار دینار |
| و- فەرمانبەری گرێبەست | ١٢٠٠٠٠سەدو بیست هەزار دیانر |
| ز- فەرمانبەری خزمەتگوزاری | ١٠٠٠٠٠سەد هەزار دینار |

**سێیەم: بڕی گوژمەی دیاری کراو تەنها بۆ مەبەستی (هاندان) خەرج دەکرێت و نابێت هیچ خەرجییەکی تری لەسەر بکرێت.**

**چوارەم: هەر پارێزگایەك بەپێی داهاتی خۆی و بازنەی تایبەتی خۆی ئەم هاندانەی بۆ خەرج دەکرێت و هیچ بڕێك گواستنەوەی بۆناکرێت لە نێوان پارێزگاکان و بازنەکاندا.**

**پێنجەم: ئەم هاندانە لەسەرجەم مۆڵەتەکاندا دەبڕدرێت بۆ هەر ڕۆژێکی ئامادە نەبوون بەپێی شایستە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت.**

**شەشەم: ئەم هاندانە تەنها ئەوفەرمانبەرانە دەگرێتەوە کە پابەندن بە دەوامی فەرمیەوە.**

**حەوتەم: ئەم بڕەی پاش دابەش کردنی هاندانەکە دەمێنێتەوە دەبیتەوە داهاتی کۆتایی.**

**هەشتەم: ئەم هاندانە لە کۆتایی هەموو مانگێك خەرج دەکرێت .**

**نۆیەم: ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/١/١ ەوە جێبەجی دەکرێت و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.**

**ڕێباز محمد حملان**
**وەزیری دارایی و ئابووری**